


# وێنەیەکی کۆنی ئەم پیاوە تازەیە

**ئەدیب نادر**

١

ئێرە دوورگەیەکە لە هەموو شتێکەوە دوورە، لە هەموو شوێنو شتێکیشەوە نزیکە.

بەر لەوەی پێ بخەمەوە سەری بە ئاخری دونیا لە قەڵەمم دەدا، دەتگۆ میوەی (لۆتس)م خواردووە لە حەسرەتی گەیشتن بەولاوە حەسرەتێکی گەورەترم نەبوو. هەمیشە دەمووت (ئاخ گەر بگەم!) بە یەکجاری بیری گەڕانەوە لە یادی داهاتوو ڕیشەکێش دەکەم، قەتاو قەت بیری لێ ناکەمەوە. لە ڕاستیدا، ئەوەی کە بە خەیاڵیشمدا گوزەری نەکردبوو سەقامگیربوون بوو لە پەراوێزی (ڕۆبینسن کرۆزۆ)دا، خەون بوو خەونێکی

## دەق


کێوی، کە پێیەکانیشم لەسەر پانتاییەکەیدا هێدی هێدی کەوتنە کزربوونەوە، کەوتمە مەللەکردن لە دەریای خەونی خۆش خۆشو لە دونیا خۆنەبان کردن. ژیانم شەباهەتی لەگەڵ خەونێکدا پەیدا کرد، ئەزموونە تازەکانی رەت دەکردەوە رابردوو بە لێشاوی بێبەزەیی سوپا بەربەرییەکانی خۆی دەهاتو بەسەر هەنووکەمدا، باڵادەست دەبوو کە سەیری ئێستام دەکرد رابردووم تیایدا دەبینی، بەردەوام بوو، ئایندەیش تیایدا سەرەتاتێکی دەکرد.. خەم وەکو ئەو تەمەی کە لە گیانی بێ رۆحی رێگاکانەوە دەئاڵا، باوەشی بەدڵمدا دەکرد. لەو دونیایەدا بووم کە خەونی بەهەشت ئاسای زۆرینەی مەردوومە کەچی ئەستەم بوو بتوانم بچمە ناوییەوە ئەو خەیاڵەشم بزرکا کە بتوانم بوونی سەربەخۆم هەبێت. هەستم دەکرد لە جیهانێکدام، بەڵام نازانم لەگەڵ چ شتێکیدا خۆم بلوێنم ئیتر لە راستیو ناڕاستی هەموو شتێک بەدگومان بووم. زۆر دوورکەوتبوومەوە لەمەودای ئەفسانەیی نێوان ئێرەو ئەوێدا نەمدەتوانی بێ پەردە ئەو شتانە بدرکێنم کە رووبەڕوویان بووبوومەوە.

بەتایبەتی دەستی بێشەرمی ناچاریم قەت لەیاد ناچێت و..و.. دوای ئەو رۆژە چەپەڵانە نازانم بێجگە لەو تاریکییەی کە سەرومڕ خۆی تازە دەکاتەوەو تازە زیندەگیم پێی راهاتووە لەئاسۆی ژیانمدا چاوەڕوانیی بوونی چی دەکەم؟

دەمویست لە تۆ رابکەم، نازانم بۆچی بووویتە خولیام؟ بێگومان هەنجەتێکی مەلمووسم نەبوو، نەیسە، مرۆڤ دەتوانێ لە هەموو شتێک هەڵبێت یادەوەری نەبێت.. بۆیە کە دوورکەوتمەوە بەر لە هەموو شتێک بگرە تاقە شتێک کە خۆی لە ژیانما تازە کردەوە یادەوەرییەکانم بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا هیچی ئەوتۆ نەبوو بچێتە سەر خەرمانی هینەکانی پێشووم. وەلێ پاشوەخت خەونە هەمەڕەنگەکانی پێشبینیی خۆیان لە قەرەی کاڵبوونەوەدا، بە چەشنێک کاڵبوونەوە تا وایان لێهات ئیتر بە رەشو سپی خۆیان مانیفێست کرد. ئەو خەونانەی کە یەقینەن تاسەو مگێڕی ئەوێیان دووبارە لە ئەندێشەمدا بەتینو تاوتر کرد، زووتر لە ئاسایی گفتە رەهاکانی ئاوڕنەدانەوەیان پێم شکاندو کۆتری گەڕانەوە لە کەڵکەڵەمدا هێلانەی خۆی خستو بیرم لەوە کردەوە مانا ونبوەکانی خۆم بدۆزمەوە یان خۆتازەیان بکەمەوە، نایشارمەوە هەر لەسەرەتاوە وامزانی گۆڕانو خۆداهێنانەوە شتێکی سانایەو بەچەقەنەیەک بە ئەنجامی دەگەیەنم، کەچی زۆر سەهو بووم، چونکە بە رێگەیەکی نەهاتدا ئەمدیوو ببووم، دەرگای شەفافی هەستەکانم دووچاری دۆگما ببوونو جامیان کردبوونو بەڕووی ئەم جێگایەدا نەدەکرانەوە. بەڵام پاشان بەڕوونی درکم بەوەکرد کە دۆزەخێکی بێتانوپۆ لەناوەوەمدا دەبوژێتەوەو بۆ هەر شوێنێکیش بڕۆم سیما دەستەمۆکانی هەڵدەگرمو پێم ناکرێت خودداری لێبکەم، دانبەوەدا دەنێم کە هەر خۆم دامهێناوەو دڵداریی لەگەڵدا دەکەم. دەڵێی پێش ئەمە ژیانی تریشم هەبووە، بەردەوامیش ئەوەم رەتکردووەتەوە کە بەرەو ئەو ناوچانە سەرهەڵبگرم کە گەنگەشەتیایان داڕەویوەتەوە.. تا وای لێهاتووە ئیدی هەست بەوە بکەم کە هیچ مانایەکی نییە.. بەڵێ شوێنێک گەنگەشەی تیادا بزربووبێت بە کەڵکی ئەوە نایەت بەرگەی دژوارییەکانی بگیرێت.

تەنها رووبەرێک کە تیایدا چاوەڕێم دەکردیت

خەونەکانم بوو تامەزرۆ بووم ببێتە خەونم ئا تۆ بەرپرسیاری لەوەی کە من لێرەم.. ها!!!.. هیچم هەیە پێتی بڵێم؟ هەقتە لە زمانی منو هەموو شتێکی تریش بەگومان بیت، هەقتە هەست بەوە بکەیت کە من بوونەوەرە قسەنەکەرە لاڵەکەی جارانم.. ئەمە تەنها شتێکی هاوبەش نییە کە پرد لە نابەینی ئێمەدا رایەڵ بکات! بەڵێ ئەوەی دەمەوێ بەتۆی بێهەستو خوست رابگەیەنم شتێکی هێجگار سادەیە، سادەترە لە بەخشینی ژیان بە ئاوڵەمەیەک! بەڵێ کە تۆم لەسەر ئەو رووبەرە زیوویییەدا بینی، لەپرێکدا بە سەرسوڕمانەوە بەخۆم وت: «حاجی ئەوە تۆ لەوێ چی دەکەیت؟ بوار نادەیت، لە هەموو شوێنێک هەر بەدوامەوەی! جێگای ترقاتە نادۆزرێتەوە؟» هێندەی نەبرد بە دەنگێکی کز وتت: ئاگاداربە خەریکی من دووبارە دەکەیتەوە ئیتر لەسەرووە زیووینەکەدا هەر تەنها خەنینەوە تەوساوییە کە مایەوەو دیسان لاڵ بوومەوە.. وەکو منداڵێکم لێ هاتەوە چاوەڕێم کرد تاکو فێری ئاخاوتن بم. ئینجا وتم: «ئەوەی کە هەردەم تێی رادەمایتو رووخساری باپیرەمت تێدا بەرجەستە دەکرد ئەوەتانێ ببینە، دەق سیمای خۆتی هەڵگرتووە، رووخساری خۆت لە چارەی نەوەکەی پاش خۆتدا ببینە، خاترجەم بە، ئەوە من نیم، ئەوە دەقاودەق خۆتی...» ئەوەی هەرگیز نەمدەویست روویدا. منیش وەکو تۆ گەڕامەوە سەرەتای سەرەتاو نازانم دەست بەچی بکەم؟ لەکاتێکدا دەبوایە لەوێوە دەست پێ بکەم کە تۆ بەجێت هێشت! تا هەمووومان ئەو شتانە دووپات نەکەینەوە کە ئێستاو.. دووبارەیان دەکەینەوە پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ئەو ئاوێنەیە بیت کە ئاواتم بوو هەمبێت، ئاوێنەیەک بیت کە ئاواتم بوو هەمبێت، ئاوێنەیەک هێلکارییەکانی پۆرترێتەکەی خۆمی تیادا ببینم، وەک ئەوەی تەماشای ناسنامەیەک بکەم وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، نهێنییەکانی رابردووم بۆ ئاشکرا بکات، ئەو شتانەی تیادا ببینم کە بۆمی ئەنجام داوە.. بەڵام بەپێچەوانەوە خۆم بوومە ئاوێنەیەک.. ئەوەتا تۆم لێوە دیارەو خۆیشم ونم.. تۆ بە هەموو رەشێتییەکانی خۆتەوە، بە هەموو ئەو روانەوە کە هەردەم پەردەپۆشت دەکردن هەتا راستییەکان بپڕووکێن..



٢

بێگومان هەر یەکێک لە ئێمە، لە ساتێکی دیاریکراوی ژیانی کامڵێتیدا تارماییەکی ناوازەی هەیەو دوورە دەست دەوەستێت، لێی نزیک ناکەوێتەوە هەر کەسەو هینەکەی خۆی چاک دەناسێت. هینەکەی من رێکو وەکو هینەکەی هاملێت وایە، وەکو ئەوەی بیەوێت رازێکم پێ رابگەیەنێت، لە دوورەوە لێڵ بەڵام، رێکوپۆشو قیت رادەوەستێو سەرنجم بۆ ئەو رووبەرە جیوەییە بەکێش دەکات. هەردەم بەدوامەوەیە، لە هەموو جێگایەکدا دەیەوێت لە قوژبنێکدا بەگیرم بهێنێو هەناسەسوارم بکات. هەتا گەیشتمە ئێرە. ئاااای.. من بەچ دەردەسەریو کوێرەوەرییەک گەیشتمە ئێرە! رەنگە پێویستی بە ئۆدیسایەک هەبێت هەتا گوزارەی لێبکات، ئەگەرنا باس ناکرێت.. من لێرە وەکو ئەوە وام کرمێک بمو بەسەر ئەم ژیانەی ئێرەدا مشەخۆری بکەم. من هەنوو حالێدەبم کە چەند پێویستیم بەوەیە کە ژیانم سەرومڕ لێوانلێو بێتو لەو کێشمەکێشو چاڵشو کێبەرکێیانەی،

# دەق

راستە لەوانەیە ترسم بەسەردا ببارێت، وەلێ ژیانم دادەتاشن، بەرجەستەی دەکەنو دەیگەشێننەوە، هەستی ئەوەم پێدەبەخشن کە بەبوونەورەبوونی خۆم شایستەبم.. بەڵام رووبەڕووی ئەو چوارچێوە نەفرەتییە دەبمەوە ئەبڵەقیی کاسم دەکات، روو لەو دەنێم کە بەرامبەرم وەستاوەو وەک ئەوەی خۆم بدوێنم دەڵێم: داخۆ ئەم هەموو ژاکانو چرچو لۆچییانە لەپای چی؟ ئەمە ناوادەیە دەمەوێ بزانم لەم قۆناغە بەدواوە بەکێ هاوشێوەم؟ ئەویش بەیارایەکی جەربەزەوە رووم لێ گرژو مۆن دەکات، زۆر جیدییانە لێی راماوم، سایلی تەراییەک بە هەتاوی تازە هەڵاتووی ئەو پرسیارە وشک هەڵگەڕاو سەیرم کردو بەبێ تێهزرین گوتم: بەڕەنگدانەوەی ئەو نەینۆکە دەچیت کە قەدەرێک پێشتر هەمبەریت گرتبوو.. کتوپڕ دادەچڵەکێمو بەخۆم دەڵێم: کام نەینۆک؟


پێشتر هەرگیز ئاوێنەم نەکڕیبوو، بەتەمای ئەوەش نەبووم بەرێکەوت بیکڕم وەلێ کە لە نووسینەکەی سەری ئەم دانەجادووییە وردبوومەوە نووسرابوو: (نرخی ئەم ئاوێنە نایابە هێنراوەتە خوارێ..) بەینێک لە هەمبەریا هەڵوەستەم کردو لە تۆزو گەردی سەر رووە جادووییەکەی راماوەو بەپەروازە قەبەو نەخشو نیگارە شاهەنشاییە تەلاییەکەیەوە سەرنجم گرێدا. چاوەکانم لە بەردەمیا هەندێک تررووکەی قەلەڕەشییان ئەنجام داو وەکو دوو هیلوونی ناو کەللەسەرێک بێ جووڵەیی گەرماری دان. ناگەهان کە تاسانەکەم ڕەوییەوە، نازانم چیم بەدی کرد!! قەت بەو شتە نەدەچوو کە دەمویست ببینم هەستم کرد دەمامکێک دەمشارێتەوە. بەو کەسە نەدەچووم کە لەگەڵ دنیایەکدا کەوتبووە کێشمەکێشێکی دڵرەق، سۆزەم بەوە کرد هەست بەدواکەوتن ناکات، غار نادات،تەنگە حەوسەڵە نییە بێوەختیی پێ هەڵنەچنیووە، کۆڵدان رەتناکاتەوە لە هەڵپەو لەزکردنی خۆی دەکەوێت. دەستبەجێ هزرم کێبوونی خۆی شوناس نەکرد، لە راستیدا ئەوەی کە بینیم.. هەرچی چۆنێک بێت لە خولیای لەوتاومەوە ورووکا کە بیپشکنمو بیدۆزمەوە. وەلێ چۆن بەبێ کرینی ئەم دوورگە جیوەییە ئەمەم بۆ دەچێتە سەر؟ ئەڵبەتا دوای دوودڵییەکی ناپەیگیر چوومە ژوورەوە، لە هەموو لایەکدا کاڵاو شمەکی ناوماڵ کەڵەکە کرابوون، هەر تەنها ڕاڕەوێکی بەرتەسکیش مابووەوە، دەتگوت ئەسکەلەی بەندەرە، ئابەوێدا گەیشتمە لای خاوەن کۆگاکەو ویستم مامەڵەیەکی سەمەرەی لەگەڵدا بکەم، بەڵکو.. بە عادەت من زۆر دیقەتی شت نادەم، وەلێ ئەو پیاوە لەخۆڕازییە لووت دەعجاوە عادەتەکەی منی گۆڕیو سەرنجەکانی لە هەسان دام. کورتەبنەیەکی تەنگەستووری سوورکەلە بوو، ناوچەوانێکی بێڕادە پانوپۆڕی هەبوو، دەسکەنەیەک قژی کاڵی خاوی لە لاجانگی ڕاستییەوە بردبوو بەسەر تەپڵی رووتاوەی سەریدا دابوو، چاوە شینە ساردەکانی بێئۆقرەییان لەخۆدا قەتیس دەکرد، لە سیمایدا ئەوەم دەخوێندەوە کە بە بینینم جاڕسە، نایەوێ سازشم لەگەڵدا بکات.

نازانم بۆ پێم وت: پێشتر عادەتی ئەوەم نەبوو بەردەم ئاوێنە بگرم، بەڵام ئەم دانەیە جادووی هەیەو شتێکی عاجباتیم پێ نیشان دەدات، وەکو ئەوەی تارماییەکەم بێتو تاسەیەکی ڕمۆک تیامدا بەجۆشو خرۆش دەکەوێتو هانم دەدات ئەو ڕازە پەنهانەی لێوە هەڵگوێزم. رازی

پێوەندیی ئەو بە هەموو شتەکانی دوای خۆیەوە.. چەند شتێکی دیکەشم بەرگوێچکە سوورەکانی دا، بەڵام بەدیووەکەی تردا دەمویست بۆخۆمی بسەلمێنم کە بەهرەی ئەوەم هەیە قەناعەت بەزەلامێکی نەدیوو نەناس بهێنم نرخەکەی من قبووڵ بکات. بەڵام بێهوودە بوو سەرنەکەوتن بوو بە یاوەرمو پەیوەست بوون بە شتێکی ئاوهاوەو متۆگرتن دووبارە بەلەخۆ رامانو وردبوونەوەو خوێندنەوەیەکی تازەی خود بووە سۆنگەی ئەوەی کە نەکارێکم دەستبەرداری بم. رەنگە ئەوە تاقەجارێک بووبێت لە هەموو ژیانمدا کە هەستم بەتامی ناچارییەکی ئاواو منجڕییەکی ئاوا کردبێت بۆ قۆزتنەوەی شتێک کە دڵنیابووم شتێکی تر لە ناخی خۆمدا دەدۆزێتەوە چار نەبوو، هەر دەبوایە بیکرم، کۆگادارە کەچەڵەکەیش ئەو ناچارییەی منی خوێندبووەوە وەک پۆڵا خۆی پتەوگرت.. کە پارەکەم دایێ خستییە دورجەکەوە، تۆزێک چەناگە چوارگۆشەکەی خوراندو وتی: ئاگاداری هەڵگرتنو داگرتنی بە، چونکە ئەگەر بە دەستەوە بشکێت یاخود بقرنجێتو شەقبەرێت ئەوا ساڵەهای ساڵ بەدبەختیو چەرمەسەری دەستەویەخەت دەبنو ئەکەوێتە ژێر سایەی کوێرەوەرییەکی درێژخایەنەوە. بەبێ ویست خەندەیەکی بێ بڕواییم لەسەر لێوەکانما خەفە کرد، زانیم ئەو بەشتێکی گەوجانەی لەقەڵەم دەدا، ئیتر من بە ئاوابوونم سپاردو زووبەزوو لەبیری خۆم بردەوە. کە لەوێ دەرچووم، بەپێچەوانەی عادەتی خۆم چووم بە دوای (بدیل کریم) عەتری (ئۆلدسپایس)دا گەڕام.. ئیتر ئەمانەم لەگەڵ بۆیەیەکی قژدا کڕیو ئەوسا ڕوون بووەوە کە دەمەوێ جێ پێی ئەو هەڵبگرم لەوێوە ڕێگاکە شۆڕدەبووەوە (سەڤن سیستەر) هەنگاوەکانی هەڵدەلووشی، جگەرەفرۆشەکان هاوار هاواریان بوو، دەتگوت ئاشقی دەنگی خۆیان بوونە سیگەرێت، سیگەرێت.. تەواوی پیاڕەوەکە لەم سەرەوە تا ئەوسەری بەدەستیانەوە بوو، جاروباریش گوێبیستی هەراو زەنایان دەبووم کە لەسەر مشتەرییەک بەرپایان دەکرد.

جگەرەی قاچاخ، شەڕ، بە شەقۆ خۆخەڵتانی خوێن کرد!! لەناو کۆڵانەکاندا لەگەڵ پۆلیس راوڕاوێن کردن.. لەوێوە بە تەنیشت دوکانی شیرنەمەنییەکەوە تێپەڕیم، بۆنو بەرامەی کەرامێڵو چوکلێتو کاکاو و ڤانێلاو شتی خۆشی تر هێرشیان بۆ هێنام، لەملاوە چەند جگەرەفرۆشێک مالبۆرۆو رۆسمەنو تۆباکۆیان بە دەستەوە بوو هاواریان دەکرد تۆباکۆ.. مالبۆرۆ.. کورتەباڵا قەڵەوەکەیان تەماشایەکی کردمو بەوەی تەنیشتی خۆت وت: ئەم سەروسەکوتە بێخاڵەیش بەخۆمانە دەچێت، دەڵێی وەکو ئێمە خۆی لە خۆکوژییەکانی ئەوێ دەربازکردووەو هێشتا نەهاتووەتەوە سەرخۆی..) ئیتر لەبەر هەر هۆیەک بووە پێکەنیو منیش تەماشایەکیم کردو وەکو ئەوەی وەڵامی بدەمەوە بەخۆم وت: بەڵێ لە خۆکوژییەکەی سەردەمی پێشووەوە..

کە رۆیشتمەوە، چەندەها جار سەبارەت بە جێگای گونجاوی دانانی بیروڕام گۆڕانکاریی بەسەردا هاتو دواجار لەسەر ئەوە گیرسامەوە کە لە هەورازی سەر دەستشۆرەکەدا هەڵی پەسێرمو بۆ ئەوەش کە ئیدی ببێتە چاوێکو هەردەم ئەو کەسەی پێ ببینم کە هەر لە سەرەتای ئەم کەینو بەینەوە هاندەرو پاڵنەرم بوو تا بیکرمو بیهێنمەوە. یەکەم



شت کە کردم بۆیاخکردنی قژم بوو. کە تەماشای رووی خۆمم کرد، کەسێکی ترم بینی بە راشکاوی قەشمەریی پێدەکردم..

وام هەست کرد پێم دەڵێ: سەرت دەڵێی هێلکەیەکەو قەلەڕەشێکی زل لەسەریا کڕکەوتووە.. دوای پێکەنینێکی زوو گوزەر تۆزێک دەمی بزواند، قسەکەی لە ئاوەزمدا دەنگی دایەوە: چی دەکەی بیکە، تۆ لە کۆپییەکی من زیاتر نیت.دوای ئەوەش هەر نەمدەویست خۆم بەوە رازی بکەم کە قەتاو قەت سەربەخۆییم نەبووە، هەرگیز خۆم نەبوومە، بەڵکو درێژکراوەی ئەو بوومەو هیچی تر..

٣


خولاسە تەنها ئەوە دەهێنمە کایەوە کە هەستی ئەوەم پێدەبەخشێت بڵێم: من ئەو پیاوە عاجباتییەم کە رۆژێک گرەوی لە (رەشەبا) بردەوەو لە هەموو شتێک هەڵهات تەنها لە خودی خۆی نەبێت! قینی رۆحە ئازادەکەی تۆخ تۆخ بەسەر کەوشە نەفرەتییەکاندا هەڵڕشت، تەقەللای دا تاروماریان بکاتو جێ ئەتەریان چەشنی تۆزو خۆڵێکی رووزەرد بتەکێنێو بە یەکجاری دیار نەمێنن.. ئاوا.. سالانێکی بەدەم رێگەوە بەربادا، پێدزەی کردە ناو قافڵە دوورو درێژە بە مەترسی گەمارۆ دراوەکان، قەیاغە ژەنگگرتووەکان، کەشتییەکان، شەمەنەفەرەکان، لۆرییە باربەرە زەبەللاحەکان.. کەوتە ئەو ئۆردوگایانەی قبووڵیان نەدەکرد، ئەو وڵاتانەی کە بەرجەستەی ئەو ئارامییە دەکەن کە هزری پێشوەخت بڕیاری لەسەر داوە یاخود وێنەی تاپۆیەک قەلفڕ دەکاتو خولیا بەو بەزەییو سۆزە ئاوێتەیەوە دەگرێ کە لە هەندێ شوێندا سۆزانییەکان بەرامبەری دەینوێنن، ئەویش لە سەرەتادا تژییە لەو خەونانەی کە تابلۆکەی (دالی) گوزارشتی لێ دەکاتو بە مگێزی ئەوان چۆڕاوگەی میهرەبانو گەلێکجاریش کێوییانەی شەهوەت دەبەستێتە خوارێ.. ئێستگەکان کاتین، بەدووی خۆیدا بەجێیان دەهێڵێت، تا دوورتریش دەکەوێتەوە ئاوایی بالا دەستتر دەبێت. لە دوا وێستگادا کە هەزارەها کیلۆمەتر لە سەرزەمینی نکوڵییەکان دووری دەخاتەوە، دەبێ بە رۆبۆتێکی بێ ئیرادە، رۆبۆتێکی نووچداو و دەستەپاچەی ناو سیستەمێکی تۆکمەدارێژراو و بە ئاستەکانی داهێزرانو قۆناغەکانی بەساڵداچوون دەگات، وەکو ئەوەی کەمتر لە چرکەساتێک بخایەنێت، هەر دەڵێی بەفری جەمسەرێکی لەبیرکراوەو پارێزگاری بەسپێتیو دۆخی دانسقەو بێ لەککەی خۆیەوە دەکات هەر دەڵێی لە سەرەتاوە دەستبەرداری تولازیی خۆی بووەو ئاوا ژیاوە. ئەم دۆخەیش قفڵێکی پێهاوتا لەو دەرگا تەلیسماوییە دەدات کە راڕەوێک لە دیواری گەڕانەوەدا دەکاتەوە بۆیە سەردانییەکی یادەوەرییە باستانییەکان دەیگەیەنێتەوە ئاسۆی کلاوە بووی ئەو رابردووە یەکنەوایەی کە وای نەدەخەملاند ئێستاو ئایندەشی دروست بکات، یاخود کەنارەی ئاسمانەکانیان داگیر بکات.. بیگەیەنێتەوە ڕەحمی ئەو بەهەشتەی کە پێشتر وایدەزانی سەرابە دەستی بۆ هەرشتێک دەبرد بۆشاییەکی درەوشاوەی دەگرت. پاشان ئەوەی لە ئاوەزیدا بەرجەستەیی قەمتەر کرد تاراوگە بوو، تاراوگەی راستەقانی نەک هینی ناو ئەو چامانەی کە بەوێنەی پەیڤین بەرهەم دێتو لە ئەزموونەوە دوورە دەستە.. بەسووسەکردن

دەیزانی کە تاراوگە ژەهراوێکی خۆشەو دەرخواردی رۆحی دەدریت، گۆمە تێزابێکەو کوکووختییەکانی جەستەی وندەکات.. تێکۆشانێکی کەللەشەقانە دژی نەگەڕانەوە بەرپا دەکات، دژی بێئومێدییەکی رەها، دژی هەناسەنەدان، کەمبوونەوە، دژی.. درک دەکات ئۆبژێکتێکی بێکەڵکو تووڕهەڵدراو ئیتر هەوڵێکی بۆ شکاندنی ئەو دابڕانە ژەنگاوییە دەدات بە ناهەمواریو سەختی لەگەڵ ساڵەکۆنەکاندا پردێک ڕایەڵ دەکاتەوە.

٤

ئیدی ڕوانینم درێژەدان نییە بەوەهمەکانی گوزەشتە لەم دونیایەیی کەیلە لە ناپارسەنگیو کێشمەکێشی نادادوەرانە پێویستم بەم بارەی بیرکردنەوە هەیە. ئێستا وێنەی پەروانەیەک وام، ئەو چەشەو لەزەت لەپێیە ناسکەکانی دواوەی هەڵدەگوزێتو منیش لە رابردوومدا چەقم بەستووە.

بە ئاشکرایی وەهمەکانی جاران دەرەوێنەوە خودئاگایی بۆ نێو ساتە تازەکان دانگەڕێزە دەکاتو شتێکی هێجگار جیاواز بەری دیدەکانم داگیر دەکات. رۆحم بەسەر روالەتی رووبەرە زیووییەکەدا هەڵدەرێژم، هێند موبتەلای وێنەکەی خۆم دەبم زۆرجار تیایدا پەی بە ونبوون دەبەم، تا وای لێ دێت بەبۆنەو بێ بۆنە دەکەومە وتنەوەی ئەو ڕستەیەی کە لە خۆمدا ئەوم نیشان دەدات (رابردوو هێشتا هەر زیندووە) ئەم دەستەواژەیە رووکاری سەر نەینۆکەکەی هەمبەرم پڕ دەکاتەوەو ئیتر جیاوازییەک لە نێوانماندا نامێنێتەوە. ڕۆحم هێندەی تر هەڵدەرێژمو ئیدی هەتا هەتایە لەوێدا لەسەر ئەو رووکارەدا جێنشتە دەبێت کە خۆمم لێ دەشارێتەوەو ئەو شتانەم بەرچاو دەخات کە بێڵێبڕ دوای تێکشکاندنم کەوتوون. ئەو رۆژەی تیادا دەبینم کە شەلاڵی هەموو شتێکی نەگەتیڤ بەرێکەوتم! ئەو رۆژەی دەروونم هێندەی جەهەننەم بە پشێوی کەوتبووە نێڵەنێڵ، رۆحم بە چەشنی تیتروسکێکی چکۆلانەی نێو ئێوارەیەکی پەسلانئامێز کەوتبووە فەزای سەر ئەو پەرتگایەوە کە بە لێواریدا رێگام گرتبووەبەر، جار بەجارێک بەخێراییەکی خۆکوژانەوە باڵە پەپوولەییەکانی دەنووشتاندەوەو وەکو تۆپەڵە شتێک بەردەبووە خوارەوە، دەترسام، هاکا غوربەتی تەرەبوونو جێهێشتنی ئەو دیارە دڵنشینو بەهادارە یادەوەریم تژی بکەن لە هەستەوەریی خۆکوژییەکو کۆتایی بەو رێگە نادیارەوە بلکێنێت کە ژووانێکی ناحەزو کرێتە لەگەڵ سەرنوێشتێکی دیارو رەنگە لە شەبەنگی ئەفسوناویی ئەو کۆچە کوشندە هەمیشەییە مارەم ببڕێت.. داخۆ رۆحم لە رەنگدانەوەی ئەو هیجرانە زۆرەملێیەدا ئاواتی بەوە خواستبێ قەدبڕی لێبکاتو لەو وێڵگا سیحرییەدا خۆی نقوومی ئەو تراویلکە برسکەدارەی نێو ئەو خەرەندە دوورەچاوە بکات کە لەوانەیە لە دۆخێکی ئاسایی دیکەدا چەشنی ختوورەیەکی تورەهاتیش بەهزرە کۆنکریتییەکەمدا ڕانەبووری.. لەو چرکەساتە بە دواوە کە سەرحەد سایلی چیایەک دەکەوێتە پاشخانی ئەو دیمەنەوە کە من بەجێم هێشتو بەم وێڵگەدا شۆڕبوومەوە، وەکو شتێک هەستم کرد شیاوی ئەوەم کە ماسکێک بەڵێ ماسکێک بخەمەبەر سیمای خۆم، تا دۆخی غەوارەیی خۆم پەنهان بکەمو وێنەی حەربایەک رەنگو خووخدەی ئەو جێگایەوە خۆ بگرم کە تیایدا نیشتەجێ دەبمو هەڵدەکەم.



٥

ئیتر شتێکی ئەوتۆم دەربارەی فیگەرو شەقڵەکەی خۆم درک پێنەدەکرد ئەوە نەبێت کە هەر رۆحێکی تەنیامو بەنێو پارکێکدا خلدەبمەوە، وێڵو تەرە لە نادیار رادەمێنم بە تەمای قۆستنەوەی شتێکم، شتێکی ماناوی یاخود شتێک بە مانا بچێت تەنیا لە سەرجادەیەکی بێکۆتادا خۆم بەردەستە دەکەم، حەز دەکەم یەکێک بەدی بکەم خاکو خۆڵی ئەو حاڵوبارەی منی بەسەردا هەڵنەنیشتبێ، کەڤاڵێک نەبێت کە بە دڵساردیو پەژارە رەنگرێژ کرابێت ئۆهۆ.. هۆهۆ.. بێسوود دەگەڕامو عەوداڵ ببووم. چەند سەگێکم بینی باژێڵەیی خۆیان بە خاوەنەکانیان بەخشیبوو، چەند پاسکیلێکم بینی خولانەوەی چەرخەکانیان بۆ نێوچاوی سوارەکانیان گواستبووەوە. چەندین درەختم بینی، هەستم کرد نایانەوێت بۆ هەمیشە لەو شوێنەدا چەقگیربن، گەڵاکان دیانویست زووتر رەجاڵیی بە لقو چڵەکانیان ببەخشن، هەندێک کۆترە شینکەی لامل بەجیلوەم بەدی کرد لە مۆسیقایەکی بێزارکەرو هەراو هەڵڵادارەوە هەڵەتە ببوونو دەنگو سەدا تێکەڵاوەکان بە هەموو لایەکی دیکەدا راوەدووی دەنانو شوونی هەڵدەگرتن.. لە دڵەوە بەخۆم وت: خۆشبەحاڵیان کە ئەو سەروسەداو غەڵبەغەڵبە دەرەوەیان دایە دەتوانن لێی هەڵبێن، ئەی من چارم چییە، چۆن لێی هەڵبێم؟ کە خۆم داڵدەدەری ئەو سەروسەدایەمو لە دەروونو کەڵکەڵەمدا هێلانەی چێ کردوە! جادەکە لە تەواوبوون یاخی دەبوو، منیش تەنیایی خۆمم پێوە متۆکردبوو، لە سێبەرێکی میهرەبان دەگەڕام قورساییم بە سەردا نەکات لێمەگەڕێ لە پێشتی خۆمدا داسەکناوبم..

ئەمجارە ئیدی شتەکە وەکو پۆرتریتێکی لێهات، بوو بە دەنگێک وەکو بڵێیت لە دوورەوە بێت وێنەی هێرشێکی سەربازییانەی لەخۆ گرتبوو. دەنگەکە تا دەهات نزیکتر دەبووەوەو تارماییەکی بەرجەستە دەکرد، تارماییەکە نزیک نەدەکەوتەوە، بەڵام من فەرقم پێدەکرد ئەوبوو، حاجی بوو نەیدەویست بێتە پێشەوەو پڕماناترین گوزارەی خۆیم بەرگوێ بداتو بڵێ: هەی ئۆجاخم پڕ.. ئیتر سەداکەی ببێتە رازێکی پڕواتاو منیش پڕاوپڕ بم لە خەتا، بەڵام بیر لەو نەزۆکییەی بکەمەوەو هاوار بەسەریدا بکەمو بڵێم: چۆن چۆنی بوێریی ئەوەت هەیە ببێتە ناو ئەم ئاوێنەیەو سیمای خۆتم بەسەردا بسەپێنێ؟.. پێدەکەنێت، جوانترین پێکەنینی خۆی ئەنجام دەداتو وەک تاریکییەک لەسەر ئاوێنەکەدا دەیبینم. ئێستا بەرجەستە دەکاتو دەڵێت: لەکۆپییەکی من زیاتر نیتو بە یەکجاری دەڕەوێتەوە، لەناو خۆمدا دەڕەوێتەوەو وەکو دیوارێک هەموو شتەکان دادەپۆشێت.

نیسانی ٢٠٠٥ لەندەن